المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات في العراق
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لە عیراق

## کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لە عیراق
## تیمی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیی هەڵبژاردنەکان

---

### بەڵگەنامەی راستییەکان دەربارەی هەڵبژاردن

| رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشەوای را شانبەشانی یەکتر کار دەکەن بۆ رۆشنبیری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان |
|---|

پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی یەکێکە لەم پرۆژانەی کە تەمویل دەکرێن لەلایەن گروپی گەشەسەندنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان– سندوقی هاوکاری عیراق و لەلایەن (نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان– UNOPS) بە هاوکاری (نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق– UNAMI) و بە هەماهەنگییەکی پتەو و نزیك لەگەڵ (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لە عیراق – IHEC). لە چالاکییەکانی دا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لە عیراق و کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقی و بیروڕای پیشەواکانی عیراق پێکەوە کۆ دەکات لە کارکردن دا لەسەر ئاستی وولآت و پارێزگاکان بۆ پێشخستنی و سەرنج راکێشانی گەلی عیراق دەربارەی پرۆژەی هەڵبژاردن.
هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن رۆلێکی گرنگی هەیە بو بەرز کردنەوەی ئاستی ووشیاری گەڵی عیراق لەماوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارێزکاکان بۆ ئەم سال. بۆیە بریاردرا درێژە بە پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بو ئەوەی پاڵپشتی کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان بیت بو ئامادەکردن بو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان) لە 25 تەمموزی 2009.

کۆمەڵە هەنگاوێکی تایبەت بۆ چالآکییەکانی ووشیارکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان) گەشەی پیدرا وە بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی پرۆژەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان تا رۆژی هەلبژاردن بەردەوام دەبێت. وە لە خوارەوە سیٚ لەم چالآکییانە ئەنجام دەدرێن:

### 1– کۆرەکانی پێشەوای را

بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی سەرکەوتوو، هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێویست بە پشتگیری و هاریکاری ئەو کەسانە دەکات کە بیروڕای خەلك و هاوولاتی وەردەگرن .
بۆ ئەم مەبەستە سیٚ کۆر (ندوە) ساز دەکرێت لە هەر سیٚ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کەبەژداری لە برۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەکات بو ووشیارکردنەوەی پێشەواکانی را دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان. هەموو قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان کە بەژدارن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، عەشیرەت وەسەرووکە ئایەنییەکان هەروەها نوێنەری کەمینەکان وە و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی ناوخویی بانگهیشت دەکرێن بۆ ئەوەی ئامادە بن لە کۆرەکانی کە هەر یەکەیان لە 100 بەژداربو پێك دێت.
**بەشیوەیەکی گشتی 900 پێشەوای را خاوەن بیروراکان لە پرۆسەی هەلبژاردن کودەکریتەوە بو ئەوەی روون بکریتەوە بو کومەڵکەکان وە گرینگی راهێنانی دیموکرا سی وە مافی دەنگ دان.**

### 2. دانیشتنەکانی دەنگدەر بۆ یەکەم جار

لەبەر ئەوەی نەوەی نوی نوینەرایەتی ئایندەی عیراق دەکەن وە هەر وەها لەبەر ئەوی زوربەی جار زانیاری تەواویان نی یە کە چون وە بو چی دەبی دەنگ بدەن . پیشینەی بو ئەو کەسانە کە بو یەکەم جار دەنگ دەدەن.
نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان دەست دەکات بە ساز کردنی دانیشتنەکانی دەنگدەر بۆ یەکەم جار لە هەر سیٚ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە 500 قوتابی لە زانکۆیە سەرەکیەکان و قوتابخانەی ئیواران بانگهێشت دەکرێن بو بەشداری کردن.
**بەشێوەیەکی گشتی 1500 لەوانەی کە بۆ یەکەم جارە دەنگ دەدەن زانیاریان پی دەدەریت بو ئەوەی پراکتیسی مافی خۆیان بکەن لە دەنگ دان.**

### 3. وورکشۆپی (سەکۆی کار) رۆشنبیری لە بواری هەڵبژاردن لە کۆمەڵگاکان دا

بوئەوەی زیاتر کاریگەربێت ستراتیجی رۆشنبیری لە بواری هەڵبژاردن دا، پێویستە بگاتە خەڵك لەو ناوچەیە کە لێی دەژین. بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنیان پیٚ بگات، برە پارەیەك تەرخان کراوە بۆ 9 رێکخراوی کۆمەلگەی مەدەنی سەر بە هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجام دانی وورکشۆپی رۆشنبیری لە بواری هەڵبژاردن لەهەر یەك لە 99 ناحییەکانی هەرێمی کوردستان. هەر وورکشۆپیك بۆ 60 بەشداربوو ئەنجام دەدرێت.
**بە شێوەیەکی گشتی، هەموو وورکشۆپەکان دەگاتە 5500 کەس لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ رۆشنبیری کردنیان لەسەر چۆنیەتی دەنگ دان وەهەر وەها بۆچی دەبێت پراکتیزەی مافە کانی دیموکراسی بکەن.ئەوانیش دەتوانن ئەم زانیارییانە بیگینە خیزانەکانیان.**
هاوسەنگی رەگەز وە تایبەت مەندیەکانی جیاوازی نەکردن جی بە جی دەکریت بۆ دلنیایی کردنەوە لەوەی کە دانیشتوی ئافرت وە کەمینیەکان بە شیوەیەکی یەکسان بەشداری دەکەن لە چالاکیەکان.

---

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیری هەڵبژاردن، پەیوەندی بکەن بە:
گریگۆری کهێلیا، بەرێوەبەری پرۆژە، هەڵمەتی رۆشنبیری هەڵبژاردن، سەنتەری ئۆپەراسیۆنی عیراق، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان
GregoryK@unops.org